# گریان بۆته دەستی چەپم



سالار عوسمان

مۆمێکی ترم داگیرساندو....
ئەی نوور، لە هەمووان جوانتر دەسوتێی
چڵە نێرگزێکی ترم خستە نێو ئینجانەی دڵمەوەو
ئەی نەوا، لە هەمووان ئارامتر رادەکشێی
ئەی نوورو نەوا
ئەی ئیشقی گەورە
لەم تاریکستانی رۆحەدا
لەم گۆڕستانی چاوەدا
باڵم بگرەو بمدەرەوە دەست رووناکی
لەبەردەم حوزنی گیتارەکەما بوەستەو
گوێ لە هەیبەتی گریان بگرە
گریان بۆتە دەستی چەپم‌و
دەستی راستیشم پڕە لە تاریکی
ئەی نوور، دەستی راستم پڕکە لە نیعمەتی شوعلە
ئەی نەوا، دەستی چەپم پڕکە لە ئاونگی خۆشەویستی
ئەی نوور، بمدەرێ لە (نوون)ی خۆتا نەغمەو
لە (واو)دا وەڵامی پرسیارەکان‌و
لە (را)دا رێگا

**ئەی نوور، تاریکی کوشتمی**
**بمدەرێ لە شوعلەی بالآتا بالآییێ و**
**لە گڕی سووتانتا سەفاییێ**
**ئەی ئیشقی گەورە**
**لەم گۆڕستانی چاوەدا**
**برژانگم بە هەور دەسپێرم**
**گلێنەم، ڕەشەبا**
**نە هەور وەك برژانگی من هەڵوەری، نە ڕەشەبا**
**ئەی نوور**
**لەم تاریکستانی رۆحەدا**
**لێوم بە چرایێ دەبەخشم**
**گەردنم، مۆم**
**نە چرا وەك لێوی من سووتا، نە مۆم**
**ئەی نەوا**
**لە بێنەواییدا سەرم دەخەمە سەر شانی شاعیرێك و**
**پەنجەكانم بە ماڵی گیتارژەنێ دەسپێرم**
**سەرم تێچوو، قەسیدەیەك نەهاتەوە**
**پەنجەكانم هەڵوەری، ئاوازێك سەری نەدایەوە**
**لەوەتەی هەم دایكم پێمدەڵێ:**
**لەودیو تاریکی ڕێگاییێ هەیە لە نوور**
**مونتەزیر بووم، پێڵووم دانا و**
**هیچ موسافیرێ لەگەڵ خۆی نەبردم**
**ئەو، ئاوازەكانی كردە ملوانكەیەك لە خەون و**
**لە دایكم حەزینتر پێیگوتم:**
**لەودیو تەنیای، لەودیو خەون**
**ماڵێك هەیە بۆ ئیشق**
**گەڕام، كۆڵانەكانی تاریكیم تەی كرد**
**ئەسەف وێرانەیەك بوو لە دابڕان**
**ئەویتر، لە خورپەی دڵ گەرمتر هات و پێیگوتم:**
**دابڕان كتێبێكە لە حیكمەت**
**ئەم كتێبەشم خوێندەوە**
**پڕاوپڕ بوو لە حەرفەكانی دۆڕان**
**ئەویتریان، تەنانەت دوا ئەشقیش**
**سەركزتر لە جەنگاوەرە دۆڕاوەكانی شەڕ**
**منیان لەنێو تاریكیدا**
**تاریكییان لەنێو مندا**
**جێهێشت!..**